# عومەر خاوەر ژەهر لەسێدارە دەدات
# شانۆ ووتاریك لە ئەجیندای لە سێدارەدانی عەلی كیمیاییەوە

(نووسینی فلاح ئەورەحمان تریفەیی )



لەو دیوی ئەم جیهانەوە ، لە جیهانی بەرزەخەوە رۆحی مرۆڤە پاكەكان ئاوەلانی فریشتەی خواوەندن ، فریشتە سپیەكان ئەو فریشتانەی كە هەردەم لە بۆسەدان بۆ رەوكردنی مرۆڤە پاكەكان بۆ ئەوێ، ئیتر خۆشبەخت ئەو فریشتەی كە مژدەی هاتنی پاكترین رۆح بۆ ئەوێندەر بۆ خواوەدی مەزن ئەبات ،خۆ خواوەند خۆی عەلیمە بە هەموو شتەكانی ئێرەو ئەوێش ، بەلاّم ویستی وایەلەم كەرنەڤالەدا جوانتر پیشانیدا كە فریشتەو رۆحی مرۆڤە پاكەكان چۆن ئاویزان دەبنو بەرامەی رەیحانو گولەكانی باخچەی ئەو جیهانەی پێش مەحشەر لەگەل ئەم خەنەبەندانەچۆن تێكەل دەبیتو، لەجیهانی بەرزەخدا فریشتەكان بە خۆشترین ناو كە مرۆ پێی شاگەشكە دەبێت رۆحە پاكەكان گاز دەكەن .

**پەردەی یەكەم:**

لەم سەرتەختەی شانۆیەدا مێژوو بەرواری شانزەی سێی سالی هەزارونۆسەدوهەشتاوهەشتی ئەم دنیایە لە رۆژی جەژنی كەلبەو

لۆز خویناویەكاندا، كۆمەلێك لە رۆحپاكەكان بەرێخران ،ئەوان نوینەری هەموو رۆحپاكەكانی شاری سێوو هەنار بوون، خوا وەند

بۆلای خۆی بردنەوە، لێرە سەرقافلەكەیان عومەری خاوەر بوو ، بە خۆیو كۆرپەیەكی قوماتكراو ، هەموو گیانی كوردی پۆش بوو، بەرلەوەی دوا هەناسە بدات داوا لە فریشتەی مەرگ دەكات كە بۆ ساتیك بەو جلە كوردیانەوە لە بری هەمووڕۆحە سپیەكانی تر كرنووشیكی مالئاوایی بۆ نیشتمان بەریتو هەر لەشیوەی نەخشەی ولات راكشیتو كۆرپەكەشی بكاتە بەسمبولی مەزلومیەتی ئەم نیشتمانە . عومەر خاوەر چۆنی ویست بۆی چووە سەر . رۆحە پاكەكان دوای عومەر قەتار تا پینج هەزار هەمینیان بەرەو ئەو جیهانەی تر رۆشتن .فریشتەكان بالیان بۆ راخستوون بەبی دەنگ ملی ریی ئاسمانیان گرتووە كە ئەگەنە دوا مەنزل هەرهەمویان زۆر بەئەدەب لە چاوەروانی خواوەندان..

**پەردەی دووەم:**

ئاپۆرای بەرگ سپیەكان لە ناو سەوزەلانیكی جوان پرلە هەموو جۆرە گولو پر لە هەموو ئاوازیكی دلرفین، پیرو لاوو نیرومی هەموو روویان لە خواوەندە ،فریشتەكان دەوریان داوون هەر فریشتەیەك بەرپرسی دۆسیەی یەكیك لەمانە.

پرسیاریكی مەجازیانە لە زاتی خواوەندی مەزن : ئەمانە كێن؟

وەلام لە سەردەستەی فریشتەکان پاش کرنوشێك: ئەمانە سمبولی قوربانیدانی گەلی کوردن لە دونیادا بەستەمی چرنوك تیژوو کەلبەخویناویەکان گیانیان سپارد ، ئەمانە گەلیکن کە قوربانی دەستی مرۆڤە رۆح رەشەکانن بە قەدەغە ترین چەکی دونیا.

(پاش ئێستیك)- بریار درا بە ئەمری خواوەندی گەورە رۆحە سپیەکان دەرگای باخچە رازاوەکانیان لیکرایەوە دەستەدەستە ملی ریی بەهەشتیان گرت ، عومەر خاوەرو کۆرپەکەی ،دواهەمین رۆح هیشتا مەیدانی جی نەهیشتوە فریشتەکەی لێی دیتە پیش

- لێرە مەمێنە؟! برایەوە، ئیتر تۆ سەرفرازیت

لەبن دارسێوێکدا دادەنیشیتو کۆرپەکەی لەکۆش گرتووە، دوای هەناسە هەڵکیشانیك ، فریشتەکەش لەگەل هەمووجوڵەیەکی مام عومەر باڵەکانی ڕائەتەنیت لەهەولی ئەوەی بەرامەی ئەو گوڵو گوڵزارە بەرووی مام عومەردا بێتو هیلاکیی بیربەرێتەوە ئاهیکی وەبەر بێتەوە،

- (پرسیار) :ئێمە گەلێکی ستەم دیوین زۆرمان لی کوشتو بڕکرا زۆرمان ماڵ بەتاڵان برا لەخواوەندم داوایە بە ڕەزای خۆی کاریٚ بکات، تا بتوانم لە گەلەکەم بە ئاگابم

وەڵام : خواوەند سلاٚوی بۆت هەیە ئەفەرموێت ئەوەت بۆهەیە.. سوپاس بۆ یەزدانی گەورە (مام عومەر دەڵێت) بە سوچێکی ڕازاوەی مەیدانەکە لە گەڵ ئاوازیکی نەرم ئەم پەردەیەش کۆتایی دێت.

پەردەی سێهەم:

لە بەرواری دوای شانزەی سیٚ عومەر خاوەر پەیکی رۆح سپیەکانە لەوێوە دێتەوە بۆ ئێرە هەموو شەوێك دێتە رۆحی منو تۆو ئەوانو ئەمان....ئەو هەوالی ئێرەی پێیە بۆ ئەوێو هی ئێرەش دەباتەوە بۆ ئەویٚ

ئەو لەو مێژووەوە تا هەنووکە هەواڵە ترشوتاڵەکانی بۆ خۆی پەنهان دەکاتو مژدەکان دەبات بۆ رۆحسپیەکانی ئەویٚ دواهەمین هەواڵ عومەر خاوەر تووشی شۆك دەکات پەڕاو پەڕاوی گۆڤارەکانو پێگەئەلکترۆنیەکان تەی ئەکات

هەواڵەکان:

- عەلی کیمیای لە سێدارە دەدرێت
- عەلی کیمیایی لە هەلەبجە لەسێدارە دەدرێت
- عەلی کیمیایی لە هەڵەبجە لەسێدارە نادریت
- بەرێز وەڤالۆ ئەوان ووتیان مژدەتان دەدەینیٚ کیمیاوی لە هەڵەبجە لە سێدارە دەدرێت
- هەڵەبجەیەکان نایەناوێت لەویٚ لەسێدارە بدرێت
- هەڵەبجەییەکان ئەیانەوێت لەویٚ لەسێدارە بدرێت
- هەڵەبجەییەکان بوون بە دوو دەستە(ئەیانەوێتو نایانەوێت)
- سەرکردەکان نایانەوێت لەویٚ لەسێدارە بدریت
- نوسورو ئەدیبو شاعیرو رۆشنبیر هەریەکەو تەفسیرێك ئەدات
- ئەیانەویت
- نایانەوێت

- ........وێت
- ........نەویت

عومەری خاوەر دەستەکانی هەڵگرت لەسەر ماوسەکەو گۆڤارەکانی خستە لاوەو هەستایە سەر پێ چەند هەنگاوێك لە کورسیەکە دوور دەکەوێتەوەو...سەرێك بادەداتو بزەیەکی دوو دڵی دەیگرێتو دەرواتەوە بۆ ئاسمان.

پەردەی چوارەم:

لە رۆژێکی هەینیدا لەبەردەم عەرشی خواوەندا عومەر خاوەر ئەبینریت بە ئومیدی دیدارێك چاوەروانە

- شکۆمەندی بۆ خوای مەزنو بی هاوتا
- سلاّو لە بەندەی مەزڵوم سلاو لە سمبولی ستەمدیدەکان
- (بە ئەدەب نواندنو کڕنوشەوە) خوایە خۆت دەزانیت لەو کاتەوەی من نوێنەری روحەکانی ئیرەو ئەوێم بەدەر لە

ناسۆر هیچی ترم پی نەبڕاوە هەرچی خەمەکانە بۆخۆمم هەڵگرتوە خوایە بەندەرۆحپاکەکانت لەوێ سەرگەردانن

راستو ناراستیان لی تێکچووە چاکو خراپیان لێ تێکەل بووە خوایە تو گەورەییو پاکیت ئەو رۆح پاکانەی ئەوی سەرفراز کەیت ،

خوایە لەپاش مەرگی ئیمە هەزارانی تر لە رۆحپاکەکانی گەرمیان بە ناوی سورەتیکی پەراوە پیرۆزەکەتەوە (ئەنفال) رۆحیان سپارد،خوایە ئەوانە ستەمیان دی،پاش تۆ هەمو ئومیدێکیان ئەو چەند کەسە بوو کە رۆحی خۆیان نابووە سەردەستیان کە بەرگریان لە مانو بوونی خۆیان دەکرد ئیستە خوایە ئەوانە کردیانو کەمێکیان هاتوونەتە سەر حازرو خۆیان لیگۆڕاوە

خوایە رۆحسپیەکان لەوێ بوون بە دوو بەرەوە تا خۆیان کوشت کوشتیان تا خویان تالان کرد کردیان

خوایە ولاتی رۆح سپیەکان هەر لەژیر هەڕەشەی لۆز سوورەکاندا مابوو، ئەمان سەریان لێ شیواو دووژمنیان لە بیر کردوو پشت لە دوژمنو ڕوو لە خۆ، پارە بەرچاوی گرتبوون میلەتیان لەبیر چووبووە ئیستاشی لەگەڵبێت هەر لەبیری خۆیانو گیرفانیانن .

خوایە  رۆح سپیەکان دووژمنیان هێنا بە چۆکدا ئیستا بۆ لە گۆرنانی دووژمن بوون بە دوو بەرەوە خوایە لەمە زیاتر سەرگەردانیان نەکەیت رەشو سپیان بۆلێککەیتەوە خوایە.............

دوا پیشانی ئەم پەردەیە لەگەل دەنگی دوعای عومەر خاوەر پەردە دادەریتەوە ئەمیش لەدوورەوە لەسەر چۆك  کرنووشی داوەوە بە دەم دەنگی دووعاوە پەردەی چوارەم تەواو دەبیت.

پەردەی  پینجەم: ـ

عومەری خاوەر بەبەرزاییەکەوە بەبەرگە کوردیەکانیەوە راوەستاوەو لەناو ئاپۆرای رۆحسپیەکانی ئەنفالو هەلەبجەو هەموو

رۆحسپیەکانی تردا خۆی ئامادە کردووە بۆ پەیامیك.......

لەپاش ورەو ورتەی ئەوان کە وا دەر دەکەویت لەنیو خویاندا مشتو مڕی بابەتێك دەکەن هەر بۆیە کاك عومەری

نوینەریشیان پێ دەچیت بۆ هەمان مەبەست ووتارێکی پی بیتدەستەکانی بەرز دەکاتەوە ئاماژە بۆ خەلکەکە دەکات...(بیدەنگیەکی سەراپا)

دەست دەکات بە ووتنەوەی ئەم پەیڤانەی خوارەوە:

- ئەگەر ئیمە ناتەبابین

کۆرس: عەلی کیمیایی هەردەمینیت

- ئەگەر پیداگری مافەکانمان لە کەرکوکو دوا بستی خاکمان نەبین
- عەلی کیمیایی زیندووە
- ئەگەر خۆخۆییو لوتبەرزی بەریوەبەرانی وولآت مابیت
- عەلی کیمیایەکان ماون
- ئەگەر حساب بۆ دووژمنی ئیستە نەکەین هەر لە هیستریای یادو سەروەریەکانمان بین
- عەلی کیمیاییەکان لەدایك ئەبنەوە
- ئەی ئەگەر بە پیچەوانەی ئەمانەوە بە ئەمەکو لیبران کار بۆ نیشتمان بکەین
- ئەوا دلی هەموو کوردان دەبیتە سومبلی ئەنفالو هەلەبجە و هەموو عەلی کیمیاییەکان لە هەرکوی بن گۆڕ بە گۆڕ بن

لە ناو دلی میلەتا لە گۆڕ نران... لە ناو دلی میلەتا لەگۆڕ نران ... لەناو دلی میلەتا لەگۆڕ نران

کۆرسەکە بەدەم دوا پەیڤەوە بەردەوام پێکەوە عومەری خاوەریش لە کۆتاییدا لەسەر سەکۆ دیتە خوارو پەردە بەرەو دادانەوە نزیك دەبیتەوە . ئەم پەردەیەش شۆڕە سواریکی ریکپۆشو بالآ چناری لەسەر شانۆ دەردەکەوێت بەداوی مام عومەر دەکەویت.. بابە.. بابە( کۆرپەکەی مام عومەرە ئیستا تەمەن بیست بەهارەو مشتیك لە پەردووی

کەلاوەکانی کوردستانی کردووەتە ناو تورەکەیەکو لەبەر پیی مامە عومەر هەلیدەرژیت

- بابە ئەمە خاکو خۆلی کەلاوەکانی نیشتمانە ئیمە دەستەیەکین لە لاوانی رۆحسپیەکان لەگەل هاوریکانمان لەجیهانەکەی ئەولا بەیەك دەنگ وەك نەوەی نوێ هاوار دەکەین ئاوەدانی ئاوەدانی
- کۆرسەکەش بە دوایدا دەیلێنەوە

مام عومەر سەریك دادەخات و رووله بەرپیی خۆی لەسەر ئەژنۆکانی دەنیشێتو مشتێك لەو خاکو پەردووە هەلدەگریتو

پاش ئیستیك

- لەگەل هەموو ئەمانەدا روو دەکەمە کاربەدەستان پییان دەلیم ووریا بن نەوەیەك بەریوەیە ، ئیوەش لەسەرتانە

چ بەپەروەردەو چ بە ئاوەدانی کە داخوازیەکانیان دەستەبەر کەن

کوره لاوەکە : من وەك نوینەری نەوەی نوی ئەلیم لەگەل هەموو ئەمانەدا دەلیم چاکترین تۆلە بۆ دووژمنی کۆنو نویو بۆ ئەوانەی چاویان بەبوونمان بەرایی نایەت زانستو ئاوەدانییە ئاوەدانی تاك ئاوەدانی کۆمەلگا ئاوەدانی ژیرخانی وولات

لە کوتاییدا هەموو پیکەوە ( زانستو ئاوەدانی باشترین تۆلەیە لە دووژمنان).............. پەردە دادرایەوە

کۆتایی.

تیبینی: ئەم بابەتەم پاش مقۆمقۆی شوێنی لەسیدارەدانی تاوانبار عەلی کیمیایی لا گەلآلە بوو ، بەداوای لێبووردن لە
هەموو کەمووکورییەکی هوونەری ، چوونکە پێم وایە سنووری نووسینی ، کارامەم بەزاندووە زاتم کردووە کە خۆم لە قەرەی
نووسینی ئەم بابەتانە داوە ، هیوادارم ببیتە هەوێن بۆ نووسینێکی بە پێزتر لەلایەن هەر بەریزیك کە قالبێت لە بوارە ئەدەبیو هوونەریەکاندا هەر بۆیە لیرەوە ، داواکارم لە هەر بەریزیك ، کە ڕیپێدراوە لای منەوە ئەم بابەتە وەك بیرۆکەیەکی هوونەری وەربگرێتوو بابەتەکە دەولەمەندتر بکات بەوپەڕی پیزانینەوە.( لەگەڵریزی نووسەری ئەم بابەتە).

falah692005@yahoo.com